# سبەی ڕۆژێکی دیکەیە

بەشدار سامی

# سبەی ڕۆژێکی دیکەیە

**بەشدار سامی**

سبەی ڕۆژێکی دیکەیە

شیعر

بەشدار سامی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: لوقمان ڕەشیدی

چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢

چاپخانە:

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، لە هەولێر، ژمارە سپاردنی ٢٤٦٧ی ساڵی ٢٠١١ی دراوەتێ

# سبەی ڕۆژێکی دیکەیە

بەشدار سامی

# نەرم

کە دەستیم گرت و هیچم نەگوت
گوتی: ئاااای!
ڕێک...
دەستم لە دەستی دوورخستەوە و
لە دەرپێیەکەیم نزیک کردەوە...
تەماشای کردم و
گوتی: ئاااای!
تێی نەگەیشتم...
گوتم: ببوورە، هیچی نەگوت!

# ڕۆژێکی تەم و تاریک

که نەختێک لە یەکتری نزیک بووینەوە
چۆلەکەیەک
بە ئاسمانی سەری ئێمەدا تێپەڕی و
من هیچم نەگوت
تۆ دەستەکانت لەرزین

نەختێک بێدەنگی و
نەختێک ترسان و
نەختێک چاوەڕوانی

تا هەمیشە!

# جانتایەکەم، ئا...!

ـ ئەو هەرایە ناهێڵێ مرۆڤ پشوو بدا
+ بۆ کوێ کوڕەکەم؟
ـ ماڵ تەنێ بۆ یەک کەسە، ببێ بە دوو دەشێوێ
+ بۆ کوێ کوڕەکەم؟
ـ شوێنێک، کە تێیدا تەنیا بم!
+ باوکت مابا و دیتبای خۆت دەخەیتە مەترسییەوە، نیگەران دەبوو!
ـ سپاس بۆ خودا، کە نەماوە!
+ من دایکتم
ـ دەزانم
+ کوڕەکەم
ـ ...!
+ من...دایکتم!

# چۆنبم؟!

بۆ ئەمڕۆ
نان و
وزە و
شوێنم هەن،
لە گیرفانمدا بەشی دانیشتن لە کافتێریا و
خواردنەوەی دوو کوپ قاوە، پارە هەیە...

سبەینێ گرینگ نییە!

# کۆد

ژنم هێنا
تا تەنیا نەبم...
دواتر،
منداڵمان بوو
تا تەنیا نەبین.

ژنەکەم،
لە ژوورێکدا نینۆکەکانی ڕەنگ دەکا و
کەس نییە
دەستی بگرێ.

من،
بە وشەوە سەرقاڵم.

منداڵێک
لە نێوان هەردووکماندا
پێویستی بە کەسێکە یاریی لەگەڵدا بکا.

ئێمە تەنیاین.

# خانوویەکی چۆڵ

کە چووینە ژوورەوە
گڵۆپێکم پێکرد و
هیچم نەگوت
ئەو
خۆی ڕووتکردەوە و
گوتی:
کەمێکی دیکە، درەنگە!

# من، یان هاوڕێیەکانم

من سەرسەرییی سەر جادەکان بووم
کاری باشم نەکرد،
تەنانەت، ڕۆژەکانم دوور لە ماڵ بردنە سەر.
دوو هاوڕێم هەبوون،
شەوان،
گڵۆپی ماڵەکانمان دەشکاند...
تا دنیا تاریکتر دابێ.
زۆر جار، لە چۆڵەوانی دادەنیشتین و
بیرەمان دەخواردەوە،
کە دنیایش کپ دەبوو من گۆرانیم دەگوت..
ئەوان چەپڵەیان لێ دەدا و
دەیانگوت: زەوی قۆندەرەی مرۆڤە!

# هێشتا دەژیم

من لە شارێکدام
دەریا و کەشتی و قیتاری تێدا نییە
پڵنگ و شێر و زەررافە و کەرکەدەنی تێدا نییە

من لە شارێکدا دەژیم
هەموو ئەو شتانەی پێویستە مرۆڤ بیانبینێ،
تێیدا نین

# لە دۆڵێکدا

گوتم: کات نیوەی شەوە
گوتم: ئێستا کەسانی دیکەیش هەن،
نائومێد وەک من.
گوتم: ئەوانەی ئێستا
گڵۆپی ژوورەکانیان کوژاوەتەوە،
مردوون...

ئەمشەو
ئەوانەی سەرەوەم گوتن
کە تەنیا بووم.

# لە باوکت ببوورە

زۆر شت هەن دەمەوێ بیانڵێم
دەمەوێ بڵێم:
بە باسکردنی ئەو هەموو برینانەی
لەسەر دڵم کۆبوونەتەوە
ڕەنگە تووشی سەرئێشە ببیت و
کاتژمێرەکانی تەمەنت خراپ تێپەڕن.

من پیاوێکم
هەرگیز پێیەکانم بۆ دۆزینەوەی ژیان
نەچوونەتە کۆڵان،
هەرگیز لەگەڵ گەڕانەوەی پێیەکانمدا
ژیان نەکەوتۆتە ماڵەوە.
من، ئومێدێکم نەبوو
تا بە دروستکردنەوەی دنیاوە خەریک بم.

من لە وەختێکدا
ئەم ڕستانەت بۆ دەنووسم
کە مرۆڤ بەهای نەماوە.

لە ئێستادا نائومێدی ئەوەم
مردنی مرۆڤ
ئاسایی تەماشا بکرێ.

ڕەنگە ڕۆژێک دابێ
لە بری ئەوەی بتبەم بۆ تەماشاکردنی شار و
گەڕان بەناو باخچەکاندا
لە ماڵەوە،
باسی وێرانبوونی زەوی و
تاریکبوونی ژیانت بۆ بکەم.

حەزناکەم ئەو ڕۆژەی
وەک باوکێک ئەمرت پێ دەکەم
لە ماڵەوە دابنیشی، تا باسی وێرانبوونی زەوی و
تاریکبوونی ژیانت بۆ بکەم
ئازار بکێشی.
حەزناکەم کە باسی وێرانبوونی زەوی و
تاریکبوونی ژیان دەبیستی،
نەزانی وێرانبوونی زەوی و تاریکبوونی ژیان
یانی: کێشە لە مێشکی مرۆڤدا.

کچەکەم
من، باوکتم
ویستم باوکێکی باشبم.

# نەفەرێک لەسەر جادە

ژنێک،
سەردەمانێک خۆشەویستم بوو
دواتر،
کە قۆپچەی سوخمەی
کەوتە دەستی پیاوێکی دیکە،
من،
کەوتمە ناو کۆلانان؛
شەوان لەگەڵ سەگدا دەمامەوە..
شوێنێکم نەما...
ناوی لێ بنێم ماڵەوە.

# کات درەنگی شەوە

– باوکە! دنیا زۆر ساردە!
– دەزانم کوڕم!
– باوکە! دنیا هیچ سارد نییە؛
من بە قەستی وەهام گوت
– دەزانم کوڕم!
تۆ بە قەستی وەهات گوت

- باوکە! تەماشای فیلم دەکەی؟
- بەڵێ کوڕم، تەماشا دەکەم.
- باوکە! فیلمەکە باسی ئەو ژنە ڕووتە دەکا؟
- بەڵێ کوڕم، باسی ئەو دەکا!
- باوکە! دوێنێ ئەو ژنە ڕووتە
بە کن ماڵماندا تێپەڕی!
- دەزانم کوڕم!
- باوکە! من بە قەستی وەهام گوت؛
ئەو ژنە بە کن ماڵی مەدا تێ نەپەڕی.
- دەزانم کوڕم...
تۆ بە قەستی وەهات گوت.

– باوکە! تۆ پیاوێکی سەیری!
– دایکیشت جارێک وەهای گوت، کوڕەکەم!

- باوکە! من ماندوو بووم.
- منیش کوڕەکەم!

# شکاندنی شاشەیەک

لە کۆتاییدا
ئەو شتانەی لە مێشکمدا
قەرەباڵغییان دروست کردبوو
فەرامۆشم کردن.

ماوەیەکە وەک کەسێکی ئاسایی دەژیم
وەک کەسێکی ئاسایی
نانی بەیانیان دەخۆم و
دەچمە کار.

زۆرجار، ئێواران
لەگەڵ ژن و کچەکەمدا
دەچمە پیاسە.

دایکم، شەوێک بە باوکمی گوت:
دەزانی،
تەندروستیی کوڕەکەمان ماوەیەکە باشە؟!

# ڕۆژێک پێش قیامەت

له گشت شتەکان هەڵهاتم...
لەسەر بەردێک دانیشتم و
کەسێک لەگەڵمدا
جگەرەی دادەگیرساند...

کەوایە،
هەمیشە کەسێک هەیە!

# شکست

هێندە دەزانم لە قەرەباڵغیدا
شتێک نییە پێی بگوترێ بەختەوەریی،
تاکوو مرۆڤ
بە دوایدا بگەڕێ...

ئەوە شکستی من بوو
کە نەمتوانی بە تەنیا بم.

# یەک دەقە

کاتژمێر،
دوو و حەڤدە دەقەی نیوەی شەوە
دەرکە داخراون
گڵۆپ کوژاونەتەوە
خەڵک، لەوانەیە هەموو نووستبن...

من بە خەبەرم
تا بیر لەو شتانە بکەمەوە
کە ئەمڕۆ بەیانییەکەی
بە بەردەمیاندا تێپەڕیوم.

کاتژمێر،
دوو و هەژدە دەقەی نیوەی شەوە
من و
ڕەنگە چەند سەگێک لە دەرەوە بین.

# دیمەنەکان

لە ژوورەکەدا
قونکە جگەرە کەوتووە و
من بە تەنیشت غەمگینییەکی کوشندەوەم،
لەوانەیە
لافیتەیەک هەڵبواسم...

لە ژوورەکەدا قونکە جگەرە کەوتوون؛
من بە پێوەم، پەتێک بە ملمەوە:
لەوانەیە
کەسێک هەڵبواسم...

لە ژوورەکەدا قونکە جگەرەی زۆر کەوتوون؛
منیش لە ناویاندا؛
لەوانەیە،
کەسانێک بێن و فڕێمان بدەن!

# نامەیەکی پەمەیی

بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی تا ئێستا نووسیومن
لە یەک نەچن
ئەمجارە
باسی شتێکی دیکەت بۆ دەکەم:
وەک هەمیشە
خۆم
بە باسکردنی
تەنیایی و نائومێدییەوە خەریک ناکەم.

ئەمجارە، دڵم خۆشە و
ڕستەیەک لە ناو جووتکەوانەدا دادەنێم؛
بیر لە هەردووکتان دەکەمەوە.

(شەوێک دەرپێکەت پەمەیی بوو.)

من لەم ساتەدا
بیر لە هەردووکتان دەکەمەوە.

# پۆلیسەکان

کەسێک لە وێستگەی پاسدا
بەر دەبێتەوە
من، کە لەوێم و چاوم لێیە،
کەسێک،
شەبقەیەکی لەسەرە...
لە کنی دادەنیشێ و
دەڵێ: مردووە!

من، چاوم لە هەرسێکیانە:
تەرمێک.
کەسێک، شەبقەیەکی لەسەرە.
پشیلەیەک، لە جۆگەلەدا ئاو دەخواتەوە.

پۆلیس دێن،
من، کە لەوێدا هێشتا چاوم لێیە
پۆلیسێک دەڵێ:
تەرمەکە لێرەیە،
کەواتە بکوژەکەیش لێرە بووە!

دواجار، پشیلەکە ڕۆیشت
من و کەسێک کە شەبقەیەکی لە سەرە،
خراینە زیندانەوە...

# نائومێدی کردەوەیە

ئەوەی دەمێنێتەوە، کۆمەڵێک ئێسکن
لەم دەوروروبەرە
یان،
لە شوێنێکی دوور، زۆر دوور فڕێ دەدرێن،
گرینگ نییە تۆ لە کوێ.

کردەوەکانم و
شوێنی هاوڕێ سەرشێتەکانم و
ماڵی ژنە سۆزانییەکان و
...............
!.....

# ڕۆیشتنی نەفەرێک

هەموو کۆڵانەکانی شار بە پێ گەڕاوم
ماوەیەکە بە پێ دەڕۆم
دەمەوێ هەموو بزانن تەندرووستیم باشە و
بە پێ دەڕۆم.
بە پێ بۆماڵی خوشکم
بە پێ بۆ لای هاوڕێکانم
بە پێ بە بەردەمی ئەوانەی لە شارەکەمدا هەن
نەک، وەک ڕۆژانی زوو بە خەیاڵ.

من لە ژوورەکەم هاتوومە دەرەوە و
بڕیارە لە جادەکان بمێنمەوە،
وەک ئەوانەی لە جادەکان نەبن، کەس نایانبینێ.

دەڵێن جادەکان بۆ ئەوە باشن، تا پێیاندا تێپەڕی؛
من لەسەر جادەکانم!
دەڵێن ڕۆیشتن بۆ ئەوە باشە، تا بزانی پێت هەیە؛
من بە پێ دەڕۆم!
هەست دەکەم
ئەوەی ئەو ڕستانەی سەرەوەی گوتووە،
بە پێ دەڕوا
نەک، بە ئۆتۆمبێل
یان، بە سواری کەر و شتی دیکە...

من لە ژوورەکەم هاتوومەتە دەرەوە،
تا بە پێ بڕۆم
تا هەموو ئەو شتانە ببینم،
کە لە دەرەوەی ژوورەکەمدا هەن.

من دەڕۆم و
کۆترەکان دەبینم
لە کاتی تێکەڵبوون بە ئاسماندا.

من دەڕۆم و
ئەوانە دەبینم، کە وا دەزانن هەموو کەس
ناتوانن بە زەوییەوە بنووسێن و
بە پێ بڕۆن.

من بە پێ دەڕۆم،
نەک، وەک ڕۆژانی زوو بە خەیاڵ.

# لە حەمامەکەدا ئاو دەڕوا

کەسێک،
لە بن دەرکەی حەمامەکەدا،
کونێک دەدۆزێتەوە و
تەماشا دەکا...
کەسێک،
لەوانەیە ژنێک
یان نازانم کێ
...
حەمامەکە
ئاوی لێ دەڕوا...

کەسێک...
لە بن دەرکەی حەمامەکە
گوێی بۆ دەنگێک هەڵخستووە و
خەریکی خۆیەتی
کەسێک،
لەوانەیە ژنێک
یان نازانم کێ بێ...
...
لە حەمامەکەدا
گۆرانی دەگوترێ...

ئەو...
دواجار،
بێتاقەت دەبێ و
دەڵێ:
ئەوەندە بەسە،
من بزانم هەر کەسە و بە جۆرێک
لەسەر زەوی دەجوولێتەوە.

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و
لە کن حەمامەکە
هەڵدەستێ،
دەڕوا...

هێشتا لە حەمامەکەدا ئاو دەڕژێ،
هێشتا لە حەمامەکەدا گۆرانی دەگوترێ
هێشتا کەسێک
لەوانەیە ژنێک
یان نازانم کێ
لە حەمامەکەدا

# جەنگ

گوللە، سەربازێک دەپێکێ
هاوسەنگەرەکەی
دەستی دەگرێ و
دەڵێ: مەترسە!
برینەکەت چاک دەبێتەوە!
ئەو، زۆر بەهێمنی تەماشای دەکا و
دەڵێ:
من، بە ژنەکەمم گوتبوو
دەگەڕێمەوە،
پێی بڵێ: بمبوورێ!

# تەقینەوە

لە نهۆمی سەرەوەی هۆتێلەکەدا
کەسێک کەوتە خوارەوە،
تەماشام کرد،
کەس دیار نەبوو
تا بڵێم: کوشتت!

کەسێک لە تەنیشتمەوە
جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و
گوتی: لەوانەیە ویستبێتی بفڕێ.

# لە قاوەخانەدا

سڵاوی کرد و
لەسەر یەکێ لە کورسییەکان،
کاتژمێرێک
دوو
سێ...
زۆر دانیشت،
گوتم: لەوانەیە ماندوو بووبێ...

قاوەیەکم خواردەوە و
ڕۆیشتم.
دواتر گوتیان: ئەو، بە دوای تۆدا دەگەڕا!

باوکم،
بە دوای مندا
دەگەڕا!

# بیرکردنەوە لە کاتی بێ ئێشیدا

نازانم کاتژمێرێکی دیکە چی دەکەم،
لەوانەیە،
ڕستەکەی سەرەوە بڵێمەوە!

# بە پەلە!

لافیتەییێک هەڵبواسن!
پیاوێک گوتی خۆم دەکوژم
کاتژمێرێک،
یان کەمێکی دیکە
تەرمەکەیتان نەبینی،
لێی کەنەوە...

# قەوان

ناتوانم باسی بەهەشت و خودا و
چۆنیەتیی دانیشتن لە نێو مزگەوتان بکەم،
هیچ لە بارەی ئەم شتانەوە نازانم.
لە دەرفەتێکدا
باسی بیرەخواردنەوە و
دانیشتن لە نێو گازینۆ و چوونە مەلهە و
چۆنیەتیی دەستبردن بۆ ستیانی کچ و
ئەم جۆرە شتانە دەکەم
من، بەس لەم شتانە شارەزام!

# تۆزێکی دوور

به فەرامۆشکردنی ژیانی خۆم،
که هەندێک جار زۆریش باش بوو...
تەنیا ژنەکەمم نیگەران کرد.

# تارمایی

یەکەم جار تێپەڕی
دووەم جار بە هەمان شێوە
سێیەم جار وەک ئەوەی لە سەرەوە نووسراوە؛
تێپەڕی
بە بەردەمی پیاوێکدا.

چوارەم جار:
پیاوێک لە چاوەڕوانیی تێپەڕبوونی ژنێکدا
جگەرە دەکێشێ!

# ئەمڕۆ ئەوەندەم گوت

زەوی یەک پارچە بوو
شوێن،
کردی بە هەزاران!

# لە ڕۆژمێرێکدا

که پاکەتەکەی بەتاڵ بوو لە جگەرە و
قاپەکەی لە جاجیک و
بەرداغەکەیشی لە شەراب،
پەنجەرەی داخست و
گڵۆپی کوژاندەوە و
لە کەشێکی تاریکدا
خواحافیزیی لە دنیا کرد.

ئەو...
پیاوێکی کۆڵانەکەمان بوو
ماوەیەک هاوڕێ بووین،
دواجار کە بینیم
لە دوورەوە دەستێکی بۆم بەرز کردەوە
وابزانم مەبەستی سڵاوکردن بوو...

# دانیشتن نانووسرێتەوە

لێرەدا،
هیچ شت خۆشبەختی ناهێنێ،
من،
جگەرەکەم دەکوژێنمەوە
وەک هەمووشت
لە مرۆڤ!

# بوون بە سێ

چەند ڕۆژێکە بوومەتە بابە،
ژنەکەم دایە و
کچێکیش منداڵی هەردووکمان!

ژنێک و پیاوێک و منداڵێک
لە ژوورێکدا...

# سەفەرکردنی شاعیرانە!

پارەی سەفەرم نییە،
دەرکە دادەخەم و
تەماشای فیلم دەکەم.

# ناتەواوییەکان

من نازانم بدوێم
بۆیە دەنووسم،
.
.
.
دەنووسم!..

# ڕۆژێکی گرینگە

تا ئێستایش کۆترەکانم نەگەڕاونەتەوە؛
شەو و ڕۆژ
خەیاڵ لە ئاسمان
دەستەکانم خستوونەتە بن چەنە و
چاولەڕێم!

# لە کۆتاییدا

شمەکەکانم فڕێ دان
چونکە
بە بێ شمەکیش
دەتوانم بڕۆم!

# گەڕەبەشە

کە چوومەوە:
گوندەکەمان نەمابوو،
بزن و مەڕەکانیش،
وەک چراکە و
هەندێک شتی دیکە و
خۆم.

؟

خودایە!
دەبێ کێ
ناوی لە ئاسمان نابێ
(ئاسمان؟!)

# ئەکتەر

وێران بووم ئەوەندەی بە تەنیا بسوورێمەوە؛
ئەوەندەی بە کۆڵانەکەتاندا تێبپەڕم و
ئەوەندەی لە دەرکەی ماڵەکەتان بڕوانم و
ئەوەندەی بە منداڵانی کۆڵانەکەتان بڵێم
ئەرێ ئەو دەرکەیە کەی دەکرێتەوە؟!

# نیشتمان

هێندەی لەگەڵ تۆدا نووستم،
هێندە لەگەڵ ژنەکەم نا!
هێندەی لەگەڵ تۆدا ڕۆیشتم،
هێندە لەگەڵ خۆم نا!
هێندەی لەگەڵ تۆدا مردم،
هێندە لەگەڵ مەرگ نا.

# دیمەنی بیرەوەرییەک

(دایە!
من
کەوتمە
ناو
ئاوێنەکە)

منداڵێک تەماشای ئاوێنەی کرد و
ئەمەی گوت.
دایکی لە ئامێزی گرت و
گوتی:
(کێ دەری هێنای کوڕەکەم؟!)

# بۆ زیندووان

من هەمیشە پێم وا بووە،
زەوی بۆ ئەوە باشە،
تا مرۆڤەکان لە ئاسمان بەر نەبنەوە!

# خاڵێک

جیاوازیی
دوێنێ
لەگەڵ ئەمڕۆدا
ئەم نووسینەیە.

# گوتن

که دەرکەم کردەوە و
لە بەر دەرکەکە ڕاوەستام و
چاولەڕێت بووم،
وامزانی خەریکە نزیک دەبیتەوە...

که دەرکەم داخست و
لەسەر دەرکەکە نووسیم:
کەس لەم خانووەدا ناژیێ،
وامزانی
هەرگیز لەو دەرکەیە نزیک نابیتەوە!

# برینێک

شەوێک بۆ پارە پەیداکردن
دەبوو تا بەیانی
لەسەر جادەیەکی ناوەڕاستی شاردا
بمێنمەوە...

دوای بەسەرچوونی ئەو هەموو کاتە
من،
هێشتا بیر لەو شەوە دەکەمەوە
کە دەبوو تا بەیانی
لەسەر جادەیەکی ناوەڕاستی شاردا
بمێنمەوە.

# تاڵەتیشکە باریکەکان

من شیعرم دەنووسی کە تۆ هاتی
من شیعرم دەنووسی کە تۆ خۆتت ڕووت کردەوە
من شیعرم دەنووسی کە تۆ ڕۆیشتی.

# ناتەواو

داپیرەم مرد،
باوکم و
خزمەکانی
هەڵیانگرت،
بردیانە گۆڕستان و
تەواو.

دواتر،
باوکم گوتی:
شتێک لەسەر گۆڕەکەی بنووسە،
نووسیم: (بە تەنیابوون!)

# هەنووکە

لە ڕستەیەکی تازەدا،
لە خوارەوە،
پیاوێک دەنووسێ:

مادام بیر لە تۆ دەکەمەوە، تەنیا نیم.

# پیاوێک

من بە کۆڵانەکاندا تێناپەڕم
تا وا بزانن،
بەتەمای ژنێکم بمناسێ؛
من تێدەپەڕم، تا بگەمەوە ژوورەکەم!

# تەرم

دەنگی تەقە دێ!

من،
جگەرییەک دادەگیرسێنم و
خەریکی ئەم شیعرە دەبم...

دایکم، چایەکم بۆ دێنێ و
دەڵێ: لەوانەیە،
زەوی پڕ ببێ لە تەرم...

من، شیعر دەنووسم...

# دوا ڕستە

بیتەقێنە،
وەختیەتی!

[کە دژەکەی دەمانچەی دەرهێنا،
کوژراوەکە وەهای گوتبوو!]

# لەودیو دیوارەکەوە

کچێکی دراوسێمان گۆرانی دەڵێ؛
کەس لە خۆیەوە گۆرانی ناڵێ!
دەبێ ئەو گۆرانییە بۆ کێ بێ؟
دەبێ کێ ئەو گۆرانییە ببیستێ؟
دەبێ ئەو گۆرانییە چاوەڕێی کێ بێ؟!

# بۆ کێلی قەبرەکەم

من چۆلەکەم خۆشدەوێ
کۆتر و
سەگ و
تەنانەت مشکیش.

ئازاری هیچم نەداوە
ئەوانەی ئازاریان داوم، مرۆڤ بوون
من، لە مرۆڤەکان خۆشبووم
تەنانەت
لەو ژنەیش کە جێی هێشتم.

لە ماڵێکدا تەنیا دەژیام
ئەوانەی کەسم بوون
ئێستا نازانم لە کوێن
سامانی من وشەیە
تەنانەت لە گیرفانیشمدا.

ژیانی من بەو جۆرەیە کە خۆم هەڵمبژاردوە
دەستکاریی مەکەن
تەنانەت دوای مردنیشم.

خودایە: ئەو ژیانە خۆم هەڵمبژاردووە
تەنانەت بە ناخۆشییەکانیشیەوە،
پێت وایە دۆزەخی بم
کە جارجار هەموو شتێک فەرامۆش دەکەم و
لە ژوورێکدا دادەنیشم و
وێسکی دەخۆمەوە؟

# زۆر سادە

ماڵی دەکەوتە ناوەڕاستی کۆڵانەکەمان
کەسێکی بێدەنگ بوو
باوکم سڵاوی لێ دەکرد و
هەندێجار
خواردنی بۆ دەبرد.
دایکم گوتی:
پیاوێکی باش بوو
سەرنجی هیچکام لە ژنانی کۆڵانی نەدەدا.

تەنیا دەژیا
نەمزانیوە لە بارەی نەبوونی ژنەوە لێیان پرسیبێ
جارێکیان بە باوکمی گوت:
هیچ شوێنێک، شوێنی ڕاستەقینەی مرۆڤ نییە،
ئەگەر لە نکاوێک، تەرمێکت بینی و
هەستت کرد کەسێک کوژراوە،
لە بیرت بێت:
لەو شوێنەی تەرمەکە دەبینی،
تەنێ بڕیار وا بووە کەسێکی بێ کەلک بمرێ!

ئێوارەیەک بەرەو ماڵەکەی ڕۆیشتین
گوتیان
پیاوێک لەو ماڵەدا خۆی کوشتووە...
باوکم لە کن تەرمەکەی دانیشت و
گوتی:
ئەو هەمیشە دەیگوت
زۆر درەنگە!

# ژنی شاعیرەکە

لەسەر سیسەمەکە
پاڵی دابۆوە و
تەماشای فیلمێکی ڕووتی دەکرد؛
پاڵی دابۆوە و
هەندێ جار
خۆی دەجوولاند،
تا...
بەر کەسێک بکەوێ...

شاعیرەکە،
کتێبێکی بە دەستەوە بوو و
کەسی نەدەبینی
لەسەر سیسەمەکە بجووڵێتەوە!
ژنەکە،
تەماشای فیلمێکی ڕووتی دەکرد و
دەجوولا...
وەکئەوەی
لەسەر سیسەمەکە
بە دوای کەسێکدا بگەڕێ...

شاعیرەکە،
کەمێک دوورتر لە سیسەمەکە
لە کن کتێبێک
خەوی لێ کەوت و
ژنەکە،
بە تەنیا دەجوولایەوە.

# Tomorrow is Another Day

Bashdar Sami